

## هەڤاڵ ئیبراهیم:

# هیوادارم کەناڵە کوردییەکان باشتر بن

هونەرمەندی لاو هەڤاڵ ئیبراهیم لە لێدوانێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە بارودۆخی ئێستای هونەری کوردی زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی هونەرمەندان هەست بە نائومێدی و بێزاری بکەن، بەهۆی زۆر ئاستەنگ و گرفتەکان هونەرمەندان لە پێشکەش کردنی کاری نوێ بەردەوامن و هونەریش لە پێشکەوتندایە، ئەگەرچی وەك پێویست بەپیر بانگەوازی هونەرمەندانەوە نایەن. لەم بارەیەوە هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیم دەڵێت: لەبەر ئەو بارودۆخەی ئێستا هەیە هونەرمەندان زۆر جار دەگەنە ئەو رادەیەی کە هەست بە بێزاری بکەن و بێ ئومێدیان بۆدروست دەبێت بگرە هەندێك جار گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە بیر لە دوورکەوتنەوەی یەکجاری دەکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەردەوام بارودۆخی هونەری خراپتر دەبێت، هیچ پلان و بەرنامەیەك بۆ ئەو هونەرمەندانە دانەنراوە کە داهێنان دەکەن و کاری جوان پێشکەش دەکەن و هەوڵی پێشخستنی موزیکی کوردی دەدەن، هەڤاڵ ئیبراهیم بوونی بازاڕێکی هونەری لە کوردستان بە کارێکی پێویست دەزانێت و دەڵێت: جێگای داخ و نیگەرانییە کە تا ئێستا لە وڵاتەکەمان هیچ شتێك بە ناوی بازاڕی گۆرانی و موزیك بوونی نییە بە جۆرێك هونەرمەندە بە تواناکان ئەگەرچی دەتوانن هونەری کوردی پێش بخەن، بەڵام ناتوانن ئەم کارە بکەن، چونکە نەبوونی بازاڕێکی هونەری گرفت و رێگرە لەبەردەم، بەڵام ئێمە لەکاری بەردەوامین بۆ دروستکردنی بازاڕێکی هونەری کە بەهۆی ئەو بازاڕەوە بتوانین پەرە بە کارەکانی خۆمان بدەین و پێشیان بخەین. سەبارەت بە کەناڵە کوردییەکان کە ئێستا ژمارەیان زۆرە و بەشێکیان تایبەتن بە بواری هونەرییەوە و ئایا تا ئێستا توانیویانە وەك پێویست خزمەت بە هونەری کوردی بکەن، هەڤاڵ ئیبراهیم ئاماژەی بەوە کرد کە وەك پێویست شارەزایی لە کاری کەناڵە کوردییەکان نییە، بەڵام بوونی کادری بە توانا و لێهاتوو لەو کەناڵانە بە کارێکی پێویست دەزانێت بۆ بەرەو پێشبردنیان و خزمەت کردنی زیاتری هونەری کوردی، هەڤاڵ دەڵێت: کەناڵە کوردییەکان تا رادەیەك باش و سەرکەوتوون، بەڵام ئێمەی هونەرمەند هیواداریین کە بتوانین کاری باشتر و جوانتر پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی لە رێگای ئەم کەناڵانەوە هونەری کوردیش پێش بکەوێت ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو بەرنامە و پلانەی کە کاربەدەستانی کەناڵەکان پەیڕەوی دەکەن لە کارەکانیاندا، چونکە ئێمە ئەو توانایەمان لەبەردەستە بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە کەناڵەکان بدرێت و بگەنە ئاستێکی پێشکەوتووتر و بەرزتر لەوەی ئێستا هەیە. هەڤاڵ ئیبراهیم پێیوایە بەشداری کردن لە ئاهەنگەکان کارێکی ئاساییە بۆ هەر هونەرمەندێك بۆ ئەوەی بتوانن بازاڕێك بۆخۆیان و بۆ هونەری کوردی دروست بکەن ولە رێگای ئەم ئاهەنگانەوە پەرە بە هونەری خۆیان بدەن و بەردەوام بن، لەم بارەیەوە هەڤاڵ دەڵێت: بەشێوەیەکی گشتی دەمانەوێ بازاڕێکی هونەری پەیدا بکەین، نەك هونەرمەند بە دەست پان کردنەوە و سواڵکەری پارە کۆ بکاتەوە و کاری هونەری بکات، چونکە تا بە داهاتی سیدی و بەرهەمەکانی هونەرمەند پارە کۆ نەکاتەوە، هونەر پێش ناکەوێت، من وەك هەڤاڵ دەتوانم کاری بازرگانی بکەم، بەڵام بازرگانی کردن کاری من نییە، هونەرمەند دەبێ بازرگانی بە هونەری خۆی بکات بۆ پێشخستنی هونەری کوردی.



# نارین فەقێ: ئاساییە هونەرمەند گۆرانی نوێ و سەردەمیانە بڵێ، بەڵام بە رۆحێکی کوردی



نارین فەقێ یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندە سووریانەی کە دوای چەند ساڵێك لە هەوڵ وکۆششی بەردەوام توانی وەك ناوێکی دیارو بەرچاوی نێو هونەری کوردی بوونی خۆی بسەلمێنێت و وەك هونەرمەندێك لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتوو بوو، چ لە گۆرانی ئەویندارى یان نیشتمانی، هەروەها گۆرانی بۆ ئافرەت و ئازادبوونی لە کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگا، هەر بۆیەش بەرهەمێکی خۆی بە (هێڤی) ناونا و گۆرانیی (هێڤی)یش گوزارشت بوو لە ئازادبوونی ئافرەتی کورد.

لە لێدوانێکیدا بۆ گوڤاری گوڵان نارین فەقێ سەبارەت بە لایەنە گرنگ و پێویستەکانی هونەر و ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە هونەرمەندا هەبن دەڵێ: زۆر مەرج هەیە پێوەندییان بە هونەرمەندو سەرکەوتنی هەیە کە پێویستە هەموو هونەرمەندێك ئەم مەرجانەی تێدا بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە گۆرانی وتن لەوانە: پێویستە هونەرمەند هەمیشە شانازی بە کەلتوور و فۆلکلۆری نەتەوەکەی بکات و پشتگوێیان نەخات، چونکە فۆلکلۆر بناغەی هەموو کارێکی رەسەن و سەرکەوتووە، بەڵام زۆریش ئاساییە کە هونەرمەند لەپاڵ گۆرانی فۆلکلۆر گۆرانی سەردەمیانە و نوێش بڵێت بێ ئەوەی رۆحیەتی هونەری رەسەنی کوردی لە بیر بکات و لە گۆرانییە نوێیەکاندا هەستی پێ بکرێت بۆ ئەوەی لە پێشکەوتن دانەبڕێت.

نارین پێیوایە بۆ پێشخستنی هونەری کوردی کارێکی ئاساییە سوود لە هونەری کلاسیکی بیانی وەربگیرێت و نابێ ئەمە بکرێتە مەسەلەیەك کە نەتوانرێ باسی بکەین یان و دەڵێ: ئێمە خۆمان هونەری بیانیمان کردۆتە شتێکی زۆر گرنگ، کە شایەنی ئەو گرنگی پێدانە زۆرە نییە، من پێموایە زۆر ئاساییە شتێك لە موزیکی کلاسیك فێر بین یان پارچەیەك لە موزیکی نەتەوەکانی دیکە لە کارەکانی خۆماندا بەکاربهێنین، بەڵام با بە شێوەیەکی سروشتی بێت و روحی کوردی تێدا بێت.




# مەریام: رووخسارم وەک لەخۆبایی نیشانم دەدات

کچە گۆرانیبێژی لوبنانی مەریام فارس رایگەیاند دەزگاکانـــی راگەیاندن غەدرێکی زۆری لێدەکەن کاتێك بە لەخۆبایی بوون تاوانباری دەکەن، چونکە بەپێی قسەکانی خۆی ئەو زۆر لەوە دوورە و بە هیچ شێوەیەك لە خۆبایی نییە.

مەریام دووپاتی کردەوە کە شـــێوەی رووخســـاری وا نیشان دەدات کە لە خۆباییە، بەڵام لە راستیدا وا نییە و ئەوەی لێی نزیك بێتەوە و بە باشی بیناسێت بۆی دەردەکەوێت کە چەند کەسێکی ســـادە و ســـاکارم نەك ئەوەی کە میدیاکان بە کەسێکی مەغرور و لە خۆباییم نیشان دەدەن، مەریام ئەوەی نەشـــاردەوە کە هەمیشە بە لۆکی نوێ و ســـەرنجڕاکێش دەردەکەوێت و ئەوەشی بۆ سروشتی کلاسیکی خۆی گەڕاندەوە و وتی: من حەز لە شـــتی کلاســـیك دەکەم و زۆریش فێر بووم و بۆم دەرکەوت کە پێویســـتە مرۆڤ لە ئامانـــج و کارەکانیدا زۆر ورد بێت بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات بەو شـــێوەیەی خۆی دەیەوێ ئەمەش کارێکی ئاسان نییە.

مەریام ئەوەشی راگەیاند کە زۆر حەز لە گەشت و گەڕان دەکات تا لە نزیکەوە ئاگاداری کلتووری گەلان بێت و پێیان ئاشـــنا بێت بۆیە ســـەردانی هەر وڵاتێك بکات بەر لە هەموو شتێك سەردانی شـــوێن و بازاڕە کۆنەکانیان دەکات تاکو بۆ ئەوەی لە نزیکەوە خەڵکەکەی ببینێت و بزانێت لە رووی مۆسیقاوە بە چ ئامێرێك بەناوبانگن، و پێیوایە کە گەشت کردن و کاری بەردەوام وایان لێیکردووە کە شـــارەزانییەکی زۆر پەیدا بکات لە کارەکانی خۆی و زۆریش سوودی لە هەڵەکانی پێشووتری وەرگرتووە.



## ژیانی جاکی شان لە شانۆگەرییەکدا

ئەستێرەی سینەمایی و ئەکشنی جیهانی جاکی شان ئاشکرای کرد کە ئێستا خەریکی نووسینەوەی شانۆگەرییەکە لەسەر ژیانی خۆی کە لە کتێبی یاداشتەکانی (من جاکی شانم) وەرگیراوە.

کتێبی یاداشتەکانی (من جاکی شانم) باس لە ژیانی جاکی شان دەکات لەسەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری وەك ئەکتەر و چۆنیەتی سەرکەوتنی و رووکردنی لە فیلمی ئەکشن و یەکێکە لەو کتێبانەی کە ژمارەیەکی زۆری فرۆشرا، بەپێی راپۆرتە هەواڵەکان ئەم شانۆگەرییە مۆسیقییە لەو کتێبە وەرگیراوە و باس لە قۆناغەکانی ژیانی لەگەڵ خانەوادەکەی و خوێندنی و ناوبانگ دەرکردنی دەکات لە رێگای مۆسیقاوە.

جاکی شان کە پارساڵ رایگەیاند چیتر لە فیلمی ئەکشندا بەشداری ناکات، بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند کە بەدوای دەرهێنەرێکدا دەگەڕێت بۆ شانۆگەرییەکەی و ئێستا خەریکی تۆمار کردنی دەنگی خۆیەتی بۆ ئەوەی خۆی چیرۆکەکە بخوێنێتەوە و شانۆگەرییەکە زیاتر جەخت لەسەر ژیانی منداڵی و لاوێتی دەدات و هەوڵی بەردەوامی بۆ رزگار بوون لە کاریگەری هونەرە جەنگییەکانی برۆس لی، جاکی شان ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ نووسینەوەی بەشێکی دیکەی یاداشتەکانی بەناوی (هێشتا جاکی شانم) و باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە بەدوای ژیانیدا هاتووە لە دوای بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەمی کتێبەکەی تاکو ئێستا.

# پاریسەکەی جاران نەماوە

دوای هەوڵێکی زۆری خۆی و هاورێ نزیکەکانی، پاریس هیلتۆنی ئەستێرەی جیهانی توانی گۆڕانکارییەك بەسەر شێوەی ژیانی و هەڵسوکەوتە سەرنجراکێشەکانیدا بهێنێت و وێنەی خۆی لەبەردەم خەڵکی بگۆڕێت ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت.



پاریس لە کچێکی دەوڵەمەندەوە کە تەنیا بیری لە خۆ نمایش کردن و کات بەسەر بردن و دەرچوونی شەوانەی یانەکانەوە، پاریس سەبارەت بەم وەرچەرخانەی ژیانی دەڵێت: من ئێستا بوومەتە ئافرەتێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتووم لە ژیان، لە جیاتی کات بەسەر بردن لە یانەکانی شەوانە ئێستا دەستی یارمەتی بۆ هەژاران درێژ دەکەم و یارمەتییان دەدەم، جگە لە کارەکانی خۆم کاری مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدەم و دەمەوێ پەیامێك بگەیەنم کە بریتییە لەوەی : بێگومان من بەرەو باشتر هەنگاو دەنێم. دەربارەی مامەڵە کردنی لەگەڵ ئەو رەخنانەی رووبەرووی دەبنەوە، پاریس دەڵێ: لەوانەیە هەمیشە کەسانێك هەبن هەوڵ بدەن تووشی گرفتت بکەن و ئاستەنگت بۆ دروست بکەن، بۆیە پێویست ناکات گرنگییان پێ بدەی، من دەزانم چیم دەوێ لە ژیان و خەونی زۆرم هەیە کە پێوەندییان بەکار و پرۆژە تایبەتییەکانی منەوە هەیەو نامەوێ ئەو قسانەی خەڵك دەیکەن ببنە رێگر لەبەردەم هێنانەدیی خەونەکانم یان ببنە ئاستەنگ لەبەردەمم، پاریس هەروەها دەڵێ: رەنگە کەسانێك بە کارەکانی من رازی نەبن، بەڵام ئەمە بۆ من گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە من و ئەو کەسانەی خۆشمدەوێن لێی رازی بن، چونکە ژیان کورتە و ئەوەندە ناهێنی خۆمان بەو شتانەوە خەریك بکەین.

# سەلما : دەتوانم کە زیاتر لە ئێستا جوانتر بم




ئەستێرەی سینەمایی سەلما رایگەیاند سەرەڕای ئەوەی خاوەن جوانییەکی زۆرە، بەڵام هەرچەندی تریش جوان بێت ناتوانێت بگاتە ئەو ئاستەی ئێستای لەجوانی ئەگەر هەوڵی زۆریش بۆ ئەوە بدات کە جوانتر بێت.

سەلمای تەمەن ٤٧ ساڵ لە دیمانەیەکیدا بۆ ژمارەی ئەم مانگەی گۆڤاری (InStyle) وتی: من دەزانم کە خەڵك پێیانوایە من جوانم، بەڵام هیچ کاتێك هەوڵم نەداوە وەك پێویست جوان بم یان هەوڵی خۆ جوان کردن بدەم، سەلما زیاتر وتی: دەتوانم کە زیاتر لە ئێستا جوانتر بم ئەویش بە ئەنجامدانی وەرزشی زیاتر و دوورکەوتنەوە لە خواردنی شیرینی و خواردنەوە کحولییەکان، هەروەها لە توانامدا هەیە هەوڵی زیاتر بدەم، بەڵام هیچ کاتێك جوانی و خۆ جوان کردن لە کارە پێشینەکانی من نەبووە لە ژیان ئەگەرچی پێموایە گرنگ و پێویستیشە.

سەلما ئامۆژگاری ئەو کەسانەی کرد کە لە ژیاندا کامەران و دڵخۆش نین و لە شێوە و رووخساری خۆیان رازی نین و وتی: پێویستە بە رووخساری خۆتان رازی بن و قەبوڵی بکەن و خۆشتان زۆر خۆش بوێ بێ ئەوەی گوێ بە قسەی کەسانی دیکە بدەن بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجەکانتان لە ژیان.

# دهۆک گەورەترین فیستیڤاڵی سینەمایی لە باوەش دەگرێت




دوای ئەوەی لە ساڵی رابردوودا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بڕیار وایە لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی داهاتوو دووەم خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەمایی دهۆك ساز بکرێت، ئەیوب رەمەزان سەرۆکی فیستیڤاڵ ئاماژە بەوە دەکات کە هەوڵ دەدەن ئەمساڵ فیستیڤاڵەکە بەرفراوانتر بێت.

سەرۆکی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵی دهۆك ئەوەی خستەڕوو کە یەکێك لە ئامانجەکانیان بریتییە لە بەردەوامی دان بە فیستیڤاڵەکە دەڵێ: بەر لەهەر شتێك پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و خودی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت پاڵپشتی لە زۆربەی بەرهەمە سینەماییەکان دەکات ئەمەش هەنگاوێکی باش و جێگای دەستخۆشییە بۆ ئەوەی سینەماکارانیش هەوڵی خۆیان بدەن بۆ پێشخستنی سینەمای کوردی، پەسەند کردنی بودجەی دووەم فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی دهۆکیش یەکێکە لە نیشانەکانی گرنگیدانی بەڕێزیان بە بواری سینەماو پێشخستنی، ئێمەش هەوڵمانداوە لە هەموو روویەکەوە ئەو خاڵە لاوازانەی کە لە خولی یەکەم هەستی پێدەکرا نەهێڵین، لە هەمان کاتدا خاڵە بەهێزەکان بەهێزتر بکەین، بۆئەم مەبەستەش ماوەیەکی زۆرە کاری لەسەر دەکەین، وەك خۆئامادەکردنێك تا فیستیڤاڵێکی پرۆفیشناڵ ساز بکەین بە پێی ستاندارده جیهانییەکان و بەپێی قەبارەی شاری دهۆك بۆ ئەم مەبەستەش چەندین گرووپی تایبەتی خۆمان رەوانەی فیستیڤاڵە جیهانییەکان کرد، بۆ نموونە فیستیڤاڵی ناشڤیڵ لە ئەمریکا ئەمەش بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرن لە بواری چۆنیەتی وەرگرتنی فیلمەکان، هەروەها بۆ ئەوەی فیلمەکانیان بەشداری بکەن لە فیستیڤاڵی دهۆك، جگە لە ناشڤیڵ بەم دواییە چەند کادیرێکی خۆمان بۆ هەمان مەبەست نارد بۆ فیستیڤاڵەکانی (کان)ی نێودەوڵەتی و (بەرلین)و (ئەستەنبول) و (دیاربەکر) ئەمە لەلایەك بۆ ئەوەی کادیرانی ئێمە شارەزایی زیاتر وەربگرن، لەلایەکی دیکەشەوە لەو فیستیڤاڵانە کەسایەتی سینەمایی ناودار هەن بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی ئامادەبوون و بانگهێشت کردنیان فێربین و لێرە ئێمەش هەمان شت دووبارە بکەینەوە، هەروەها ئەو کادیرانەی ئێمە کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن و شارەزاییان لە سینەمادا هەیە هێنامان و لێرە وۆرکشۆپی تایبەتمان بۆیان کردەوە بۆ ئەوەی کادیرانی ئێمە کەلتووری فیستیڤاڵ و چۆنیەتی سازکردنیان بەرز بێتەوەو لەکاتی ئەنجامدانی فیستیڤاڵ، رووبەڕووی ئاستەنگ و گرفت نەبێتەوەو بزانێت چۆن چارەسەریان بکات، لەلایەکی دیکەوە ئێستا ئێمە خەریکی کار کردنین لەسەر لایەنی کوالیت و ستاندارد بە هەمانگی لەگەڵ کۆمپانیای (میتۆس فیلم) لە دهۆك و لە خولی دووەمی فیستیڤاڵەکە بەشی فیلمی ناوخۆ و بیانی دەبێت و لێرەوە هەموو لایەك دڵنیا دەکەمەوە کە خولی ئەمساڵ، ئاستی بەرزتر دەبێت لە خولی یەکەم. سەبارەت بە بوونی سپۆنسەر لە خولی دووەم سەرۆکی فیستیڤاڵ دەڵێت: ئێمە لە سەرکەوتنی فیستیڤاڵەکە دڵنیاین، هەر بۆیەش پشتمان بە سپۆنسەر نەبەستووە، چونکە رێزدار نێچیرڤان بارزانی بە سوپاسەوە رەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەو بودجەیەی ئێمە داوامان کردبوو بۆی دابینکردین بۆیە پێویستمان بە سپۆنسەر نابێت، چونکە بودجەی پێویستمان هەیە، هەروەها بۆ ئەوەی کەلتووری سپۆنسەری بەهێزتر بکەین، لە خولی یەکەم ژمارەیەك سپۆنسەر لۆگۆکانیان هەبوو و تەنیا بڕی نزیکەی شەست هەزار دۆلاریان بۆ فیستیڤاڵ دابینکرد، بۆیە ئەگەر تەنیا یەك سپۆنسەرم هەبێت بەسە و نابێ لە ٢٠,٠٠٠ دۆلار کەمتر بێت بۆ ئەوەی سەنگێکی زیاتر بە فیستیڤاڵ بدرێت و زۆر نەکەوینە ژێر رکیفی سپۆنسەرەکان، هەروەها بۆ ئەوەی سپۆنسەریش هەست بە رۆحیەتی رکابەرێتی بکات لە فیستیڤاڵەکە ئەمەش دەبێتە هێزێکی زیاتر بۆ هەردوولا فیستیڤاڵ و سپۆنسەرەکەش، ئەگەر تا ئێستا سپۆنسەرێکی بەهێز نەهاتبێت کە لە ئاستی داخوازییەکانی ئێمەدا بێت نابێ رێگا بە سپۆنسەرە لاوازەکانیش بدەین بەشدار بن و لۆگۆی فیستیڤاڵ ون بکەن، وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد لەبەر بوونی بودجەی پێویست ئەگەر ئەم سپۆنسەرە نەشبێت

زۆر ئاساییە و هیچ کاریگەرییەکی بەسەر فیستیڤاڵەوە نابێت.

ئەیوب ڕەمەزان سەبارەت بە بانگهێشت کردنی کەسایەتییە ناودارەکانی سینەمای جیهانی بۆ فیستیڤاڵی دهۆك وتی: بێگومان ئەمە یەکێکە لە کارەکانی فیستیڤاڵ و لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا لەسەر ناوەکان بە تەواوی ڕێك نەکەوتووین و بڕیاریان لەسەر نەدراوە، هەر سەبارەت بە کاری لیژنەکانی لە ١٥ی ئەم مانگەوە ڕۆژنامەی فیستیڤاڵ دەرچووە کە مەبەستمان لێی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری سینەماییە لە نێو خەڵکەوە و لە دوای فیستیڤاڵیش ئەم ڕۆژنامەیە بەردەوام دەبێت لە دەرچوون.

سەبارەت بە لیژنەی دادوەرانی فیستڤاڵەکە سەرۆکی فیستیڤاڵ ئاماژەی بەوە کرد کە لیژنەکە دەستی بە وەرگرتنی فیلمەکان کردووە و لەرووی تەکنیکییەوە تا ئێستا نزیکەی ٢٠٠ فیلمیان وەرگرتووە کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتی دادوەرانەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و لیژنەکەی لە دادوەری کوردی و بیانی پێکهاتووە، چونکە بڕیارمانداوە ٧٠٪ی فیلمەکان بیانی و ٢٠٪ی کوردی بن، بۆ کارەکانی لیژنەی دادوەران و لیژنەکانی دیکەش ئێمە پشتمان بە سینەمای ئەورووپی بەستووە بۆ ساز کردنی، چونکە کۆمپانیای (میتۆس فیلم) کە هاوبەشی ئێمەیە زیاتر شارەزاییان لە ئەورووپا وەرگرتووە.

سەبارەت بە ئامانجەکانی فیستیڤاڵی دهۆك بەڕێز ئەیوب ڕەمەزان بەڕێوبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە دهۆك وسەرۆکی لیژنەی باڵای دووەم فیستیڤاڵی سینەمایی دهۆك وتی : بێگومان هەر فیستیڤاڵ و گردبوونەوەیەکی هونەری چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و هەوڵی بەدی هێنانیان دەدات، ئامانجەکانی ئێمە خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە:

١- ناساندنی هەرێمی کوردستان بە گشتی و شاری دهۆك بەتایبەتی لە ڕێگای ئەم فیستیڤاڵەوە.

٢- لە پاشەڕۆژدا شاری دهۆك بکەین بە دەروازەیەك بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە جیهانەوە گرێ بدات.

٣- دروستکردنی پردی پێوەندنی لەنێوان سینەمای کوردی و سینەمای جیهانی.

٤- ناساندن و لە یەکتر نزیك کردنەوەی سینەماکارانی کوردی و جیهانی.

٥- سینەماکارانی کورد بتوانن لە ڕێگای ئەم فیستیڤاڵەوە سوود لە ئەزموونی سینەماکارانی جیهان وەربگرن.

دووەم فیستیڤاڵی سینەمای نێودەوڵەتی لە ڕۆژی ٢٠١٣/٩/٩ لە شاری دهۆك ساز دەکرێت و ماوەی یەك هەفتە دەخایەنێت، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە خەڵاتەکانی خولی یەکەمی فیستیڤاڵی دهۆك بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

**خەڵاتەکانی فیستیڤاڵەکەش بەم شێوەیە بوون:**

١- خەڵاتی باشترین فیلمی درێژ بۆ فیلمی (ئەگەر بمری دەتکوژم) لە دەرهێنانی هونەر سەلیم.

٢- خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی یەکەم بۆ فیلمی (بێدەنگ) لە دەرهێنانی ڕێژان یەزلباش.

٣- خەڵاتی باشترین دووەم کورتە فیلم بۆ فیلمی (وڵاتی قارەمانان) لە دەرهێنانی سەهیم عومەر.

٤- خەڵاتی باشترین سێیەم کورتە فیلم بۆ فیلمی (دالیا) لە دەرهێنانی شاخەوان عەبدوڵڵا.

٥- خەڵاتی باشترین فیلمی دیکیومێنتاری بۆ فیلمی (میلۆدی بەردەکان) لە دەرهێنانی پەرویز ڕۆستەمی.

٦- خەڵاتی ڕێزلێنانی یەکەم بۆ فیلمی دیکیومێنتاری بۆ فیلمی (کوڕی پێشمەرگە) لە دەرهێنانی زانیار ڕۆستەمی.

٧- خەڵاتی ڕێزلێنانی دووەم بۆ فیلمی (پایسکل) لە دەرهێنانی رزگار حوسێن.

## شەهرەیار:

# هونەرمەندە بە تەمەنەکان بە ئامۆژگاریەکانیان هاوکاریمان دەکەن

**شەهرەیار حەسەن گۆرانیبێژێکی گەنجە و لە سەرەتای کاروانی هونەرییەتی، یەکێکە لە سەرکەوتووەکانی بەرنامەی (کوردستار)، ئێستا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی دووەم بەرهەمی خۆیەتی وەک سیدی، لە دەرفەتێکدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی داوەتەوە.**

**• کاتێك دەستت بە گۆرانی گوتن کرد ترست نەبوو لەوەی کە سەرکەوتن بەدەست نەهێنی و خەڵك پێشوازی لە بەرهەمەکانت نەکات ؟**

- لە ڕاستیدا ترس هەیە، بەڵام بۆ من بە پێچەوانەوە بوو، چونکە من لە ڕێگەی بەرنامە ی(کوردستار)ەوە دەستم بەگۆرانی وتن کرد و پێش ئەوەی دەست بەکاری هونەری خۆم بکەم، ئەو بەرنامەیەش منی بە خەڵك ناساند.

**• لە کاتی وتنەوەی گۆرانیە کۆنەکاندا، لاوەکان سەرکەوتوو بوون لە وتنەوەی گۆرانییەکە بەشێوەیەکی جوان؟**

- میدیاو خەڵك وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە و دەتوانن بڕیاری لێ بدەن کە ئایا سەرکەوتوو بوون و تا چەند لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لەو گۆرانیانە کراوە.

**• هونەرمەندە بە ئەزموونەکان یارمەتی ئێوە دەدەن؟**

- بەڵێ بە ئامۆژگاری و تێکست و ئاوازەکانیان .

**• بە دەستنەهێنانی ئەو سەرکەوتنەی پێش بینی دەکرا، دەکرێ هونەرمەند بڵێ لێی پەشیمانم؟**

- نەخێر، لە هیچ شتێك پەشیمان نیم، چونکە هەموو شتەکانی رابردووم بوونەتە ئەزموون بۆم.

**• بەردەوام شتی نوێ پێشکەش دەکرێ لە هونەری کوردی، ئایا دەتوانین بڵێین هونەری کوردی گەشەی کردووە و لایەنەکانی گەشەکردنی چین بە ڕای تۆ؟**

- بێگومان دەتوانین وا بڵێین، چونکە هەبوونی چەندین شاعیری گۆرانی و موزیك ژەن و هونەرمەندی بە توانا کە وایان کردووە ململانێ دروست بێت بۆ ئەوەی هەموو هونەرمەندێك هەوڵ بدات لە گۆڕەپانی هونەری کوردیدا بەرهەمی باشتر پێشکەش بە جەماوەر بکات، بە هەمان شێوە سەبارەت بە ڤیدیۆ کلیپیش، ئێستا چەندین وێنەگری بە توانا هەن و بە بارین کوالیتی کلیپ بەرهەم دەهێنن، ئەوەشمان بیر نەچێت ئێستا لە کوردستان چەندین کەناڵی هونەری هەن کە تەواوی بەرنامەکانیان هونەرییە و بەشێکی زۆری کاتەکانیان بۆ نمایش کردنی کلیپی هونەرمەندان تەرخان کردووە، ئەمانە بە گشتی کاریگەرییان هەبووە لەسەر هونەری کوردی و بەرەو پێشەوە بردن و گەشەسەندنی.

**• دواین کاری هونەریت چییە ؟**

- لە ئێستادا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی سیدییەکەم و یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەم سیدییەش بە ڤیدیۆ کلیپ تۆمار دەکەم ئەمەش لە دوای سیدی (شاری بیری) دەبێتە دووەم سیدیم.

